# منداڵێکی موعجیزه !

**چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە ئینگلیستان منداڵێك لە دایکبووە کە لە دەرەوەی منداڵدان (زامالْ ، پزدان) دا واتە سکی دایکیدا ژیاوە .**
**ئەوەی شایانی باسە ئەم رووداوە زۆربەی زۆری پسپۆرانی ئەم بوارەی سەرسام کرد لە بەرئەوەی لە 13 ملیۆن منداڵدا یەك منداڵ بەختی ئەوەی هەیە لە دەرەوەی پزداندا بژی .**
**پیتاندنی هێلکەو تۆماوی پیاو لە نێو کەناڵی هێلکەداندا روودەدات ، وەلێ وەك لەم بارەدا دەبینرێت هێلکەکە سەری کردووە و دەگاتە شوێنکی دی . جێی ئاماژەیە لە ماوەی سکپڕی دایکەکەدا چەندین جار بە سۆنۆگرافی سەیری ئاولەمەکە کراوە وەلێ هیچ کام لەو پزیشکانە هەستیان نەکردووە کە ئاولەمەکە لە پزداندا نییە و لە نێو سکی دایکیایەتی .**



**ئەوی راستی بێت هەندێك جار ئەم دیاردەیە روودەدات بەڵام زۆر بە دەگمەن ئاولەمە دەتوانێت لە دەرەوەی پزداندا وێلاشێك بۆ خۆی دروست بکات ، تیایدا گوزەربکات ، لە دایك ببێت و نەمرێت .**

**سەرچاوە**


1– رۆژنامەی ئێکسپرێس ی سوێدی رۆژ 31 ی ئاوگوستی 2005 .